# چۆن (ناوی لێکدراو) و (گرێی ناوی) لەیەک جیا دەکرێنەوە؟

**ئامادەکردنی: م. عبدالله عبدالقادر علی**

**ئامادەییی (سلێمانی)ی کچان**

**هەینی (٦/١٠/٢٠٢٣)**

**لە خوارەوە بە چەند خاڵێک ئەوە دەخەمە ڕوو، کە چۆن (ناوی لێکدراو) و (گرێی ناوی) لەیەک جیا دەکرێنەوە؟**

**١/ لە ڕووی ڕێنووسەوە، (ناوی لێکدراو) پێکەوە لکاون، نابێ سپەیس و بۆشایی هەبێ لەنێوانیاندا، بەڵام (گرێی ناوی) پێکەوە نەلکاون، بەڵکو سپەیس و بۆشایی لەنێوانیاندا هەیە.**

**نم/ مانگەشەو، دەنگوباس، ڕەشمار، ... (ناوی لێکدراو)**

**نم/ مانگی ڕووناک، دەنگی بەرز، ماری ڕەش، ... (گرێی ناوی)**

**٢/ (ناوی لێکدراو) لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێت، بەڵام (گرێی ناوی) تۆمار ناکرێت.**

**٣/ (ناوی لێکدراو) وشەیەکی تازە دروست دەکات بۆ واتایەکی تازە، بەڵام (گرێی ناوی) وشەی تازە دروست ناکات.**

**٤/ لە (ناوی لێکدراو)دا زاراوەی (دیارخەر و دیارخراو)مان نییە، بەڵام لە (گرێی ناوی)دا زاراوەی (دیارخەر و دیارخراو)مان هەیە، هەندێک جاریش زاراوەی (ئامرازی دانەپاڵ)یش هەیە.**

ماموٚستا (عبدالله عبدالقادر علی)

٥/ له (ناوی لێکدراو)دا ئەگەر بەهۆی (ئامراز)ەوە دروست بووبێت بەزۆری ئامرازەکان بریتین له (ە، و، بە، ...)، زۆر بەدەگمەن (ی) دەبینرێت، یان نییە، بەڵام له (گرێی ناوی)دا ئەگەر بەهۆی (ئامراز)ەوە دروست بووبێت بەزۆری ئامرازەکە بریتین له (ی)، له حاڵەتێکی تایبەتدا (ە) دەبینرێت، ئەمە له زاری کوردیی ناوەڕاستدا.

نم/ مانگەشەو، دەنگوباس، کاربەدەست، ... (ناوی لێکدراو)

نم/ خانووی بەرز، خوێندکارە زیرەکەکە، ... (گرێی ناوی)

٦/ له (ناوی لێکدراو)دا سنووری ناوەکە زۆر درێژ نییە، واتە بەزۆری له دوو بەشی واتادار پێک دێت، بەڵام له (گرێی ناوی)دا دەتوانرێت چەندان وشەی تر بهێنین و بیکەین بە دیارخەر بۆ دیارخراوەکە.

نم/ کێلەسپی، ڕەشماڵ، ... (ناوی لێکدراو)

نم/ یاساکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق،

پیاوە باڵابەرزە خوێنگەرمە ڕەشپۆشە ڕاستبێژە خێرخوازەکە، ... (گرێی ناوی)

خاڵی یەکەم له ڕووی ڕێنووسەوە له زۆربەی زمانەکانیشدا حیسابی بۆ دەکەن، بۆ نموونە له ئینگلیزیشدا:

(whitehouse): ناوی لێکدراوە.

(white house): گرێی ناوییە.

نموونەیەکی تر له ئینگلیزیدا:

(Greenland): ناوی لێکدراوە.

(Green land): گرێی ناوییە.

ئەمانە و لەوانەیە خاڵی تریش هەبێ، بەڵام من هەر ئەوەندەم له خەیاڵ بوو.

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علی)